# عوزر لە قەباحەت خراپتر

له وڵامی وڵامنامەکەی بەڕێز کاک سەلاحی ئەحمەدی دا

لە ماڵپەڕی کوردستان نێت دا وڵامنامەکەی بەڕێز کاک "سەلاحی ئەحمەدی"[+] م خوێندەوە، کە لە وڵامی نامەکەی بەڕێز کاک "سەباح دشەیی"[+]دا نووسیویەتی. پێمخۆش بوو کە لە چەند خاڵدا و زۆر بە کورتی بیر و ڕای خۆم لە مەڕ بۆچوونی ئەو بەڕێزە دەربڕم:
کاک سەلاحی بەڕێز، بەو شێوازە نووسینەی کە پتر وەک قسەکانی کۆلکە مەلایەک دەچن کە بە سوختەیی و دوای خوێندنی گوڵستان و بوستان، یەکسەر فێسی مەلایەتیان لە سەر نابێ، گەرەکییەتی وا نیشان بدا کە قسەکانی بەڕێز سەباح لە بەرژەوەندی حیزبدا نین. لە گەڵ ئەوەی کە منیش پێموا نییە نووسراوەکەی کاک سەباح، قازانجێکی ئەوتۆی بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکرات تێدا بێ، بەڵام لەوە خراپتر پێموایە کە کاک سەلاحی ئەحمەدی بەو وڵامە ناشیانە و دوور لە مەنتیق و کۆلکە مەلایانەیە کە بێگومان چاوەڕوانی سەرقەڵەمانەشی لێدەکا، ئاشێرێکی ئاو دە ئاشی دوژمن کردووە.

سەلاح زۆر دەرویێشانە، بەرهەمی تاکە سەردانێکی بەرێز کاک مستەفا هیجری بۆ دەرەوەی وڵات، بە دوو بەرامبەری هەموو ماندوویی و زەحمەتەکانی رێبەرانی پێشووی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، شەهیدان د.قاسملوو و د.سەعید و بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، دەقەبڵێنێ و بە بێ ئەوەی بە بچووکترین بەڵگەی زانستیانە باسەکەی لەو فەقیری و هەژارییە رزگار بکا، یەکسەر هۆکاری ئەو پڕ بەرهەمییەی سەفەرەکەی کاک مستەفا بۆ ئەورووپا بە شەهید نەبوونی بەرێز کاک مستەفا هیجری لە بەرامبەر شەهید بوونی ڕێبەرانی شەهیدی ئەو حیزبە دەگەڕێنێتەوە، وەک بڵێی هەر کەس شەهید بێ، دۆڕاویشە!!

لە لایەکیتر،سەلاح زۆر ناشیانە و نەزانانە پەلاماری ئەو تێکۆشەر و ئازیزانە دەدا کە هەموو تەمەنی خۆیان بۆ خزمەت بە حیزبی دیموکرات و بزوتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تەرخان کردووە و بە "پاتاڵ" و "گای پیر" و " بە منگە منگ" و ناتۆرەی تر ناویان دەبا و بە بێ ئەوەی تەنانەت شارەزایی نووسینی وشەکەشی هەبێ، باسی "ئەنەرژی"!! تازە لە حیزبدا دەکا. ئەگەرچی منیش پێم وایە کە هەموو حیزب و گرووپێک بۆ ئەوەی باشتر و بە هێزێکی زیاتر و تازەترەوە درێژە بە تێکۆشانی خۆی بدا، پێویستی بە هێزی تازە و سەلاح گوتەنی ئینسانی بە"ئەنەرژی" هەیە. بێگومان حیزبی دیموکراتیش لەم پێویستییە بێ بەری نییە. ئەو حیزبە بە درێژایی تەمەنی خۆی بێوچان شەهیدی داوە و خوێنی لە بەر ڕپیشتووە و ئەمەش بە بێ وەرگرتنەوەی خوێنی نوێ مسۆگەر نییە. بەڵام بێگومانم کە ئەو خوێنە تازەیە و ئەو ئینسانە بە توانایانە هیچ کات لە ناو بیر و بۆچوونەکانی کەسانی وەک "سەلاح" دا نابیندرێنەوە.

بەرلە کۆتایی نامەکەی، سەلاح، وەک کۆلکە مەلایەک لە کوێرە دێیەکی کوردستان کە لە مینبەری مزگەوتێکەوە ئامۆژگاری خەڵکی نەخوێندەواری ئاوایی بکا و لە عەزابی ڕۆژی قیامەت بیانترسێنێ، ئامۆژگاری هاو بیرانی خۆی ، کە بێگومان هەر خۆی دەزانێ کێن، دەکا کە؛ " مەبادا مەبادا ڕێگایەک بگرن کە سەباح دشەیی گرتوویە، بەڵکوو دەبی ئەو ڕێگایە بگرن کە ئوسولی تەشکیلاتی تێدا پێشێل ناکرێ"!! بەڵام ڕوونی نەکردۆتەوە کە لە چی و بە چی دەیانترسێنێ؟!

سەلاح نامەکەی بە ئارەزووی یەکگرتن و تەبایی گشت کادر و ئەندامانی حیزب کۆتایی پێدێنێ کە بێگومان هیچ پێوەندییەکی بە ناوەرۆکی نامەکەوە نییە و لە گەڵ شێوە بۆچوونەکانی ئەودا ناگونجێ و تەنها هەڵگری ئەو ئاوات و ئارەزوویەیە کە کاک سەلاح و کەسانی وەک ئەو مەبەستیانە و دەمێکە سەردەمی وەدیهاتنیان ئیکسپایەر بووە و بێکەڵک کراون .

+کوردستان نێت 2005/05/13
+کوردستان نێت 2005/05/07

ئاگری
agiri11@yahoo.com